


Bedirxan

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهارِن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامـەوانیی رووناکبیری گشـتییە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

خولی دووەم، ژمارە (١٥٩ تايبەت)، يەک شەمە، ئاب ٢٠١١/٨/٢٧ زايينی - پووشپەڕ - گەلاوێژ ٢٧١١ی کوردی - ساڵی يانزدەيەم


## بەدرخان لە جۆرجيا

# بەتينكردنی پردی رووناكبيری گەلی كورد و گەلانی جۆرجيا

راگەياندنی بەدرخان

بەمەبەستی سازدانی چالاكی كلتووری و دروسـتـكـردنـی پـردێـک لەنێوان گەلی كورد و گەلانی جۆرجيا، رۆژی شەممە 2011/8/20 حەميد ئەبوبەكر بـەدرخـان بەرپرسی دەزگـای چاپ و بـڵاوكـردنـەوەی بـەدرخـان و د. ئازاد حەمەد شەريف راوێژكاری رووناكبيری دەزگـای بـەدرخـان سـەردانـی وڵاتی جۆرجيايان كرد.

لـەو سـەفـەرەدا دوو مرۆڤی جۆرجی كە»يۆرگی و ئانا»ی هـاوسـەری بە رێكەوت لەشاری سلۆپی – توركيا، لە تێرميناڵ لەگەڵ بەرێزان حەميد ئەبوبەكر بـەدرخـان و د. ئـازاد حەمە شەريف يەكتريان ناسی، كە ئەوانيش بەرەو شاری خۆيان، تبليسی دەگەرانەوە.

رۆژی سـێ شـەمـمـە 2011/8/23 بەرێز(تەيب بەرواری)باڵوێزی عێراق لە جۆرجيا پێشوازييەكی گەرمی لە حەميد بەدرخان و د. ئازاد حەمە شەريف كرد، بەمەبەستی كارئاسانيكردن و چۆنييەتی سـازدانـی ئـەو چالاكييە كلتوورييەی بەنيازە لـە نـەورۆزی ساڵی داهاتوو لە تەبليسی پايتەختی جۆرجيا ئەنجام بدرێت.

بەرێز(تەيب بەرواری)باڵوێزی عێراق لە جۆرجيا سەرنج و تێبينييەكانی خۆی لەسەر ئەنجامدانی ئەو چالاكييە خستە روو و دەپيرسی ئاخۆ ئامانج لە سازدانی ئەم چالاكييە لە وڵاتی جۆرجيا چييە؟ بۆيە لە وەڵامدا حەميد بەدرخان باری سەرنجی خـۆی لـەسـەر چـالاكـيـيەكانی پێشووی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان خستە روو كە تەنيا ئامانج لە سازدانی ئەم چالاكييە دروستكردنی پردی رووناكبيری لەنێوان گەلی كورد و گەلانی دنيادايە. بۆيە چالاكی نەورۆزی داهاتوومان لەژێر دروشمی(كەلتوور ئاييندەی گەلانە)دا دەبێت.

هـەر سـەبـارەت بـەم چـالاكـيـيـە د. ئـازاد حەمە شـەريـف، بەرنامەرێژی چـالاكـيـيـەكـانـی دەزگـای بـەدرخـان، بـۆ جـەنـابـی بـاڵـوێـز روونكردنەوەی زياتری داو گوتی: ئێمە تاكو ئێستا 8 فێستيڤاڵی ناوخۆيی و نێودەوڵەتيمان ئەنجامداوە»سلێمانی، دهۆک، هەولێر، قاهيرە، بەرلين، ئەسينا، واشنتۆن دی سی، پاريس 2004 - 2011» لەگەڵ سازدانی چەند چالاكييەكی نێودەوڵەتی وەكو: بەشداری ساڵانەی (پێشانگای كتێبی فرانكفۆرت) لە ئەڵمانيا، چالاكی «كـورد لـە سـەدەی بيست و يەک - لـەنـدەن»، نيكۆس كازانتزاكيس – كريت يۆنان، قاهيرە، لوبنان، ئێران، سوريا....

بۆيە دەخوازين ئەمساڵيش وەكو ساڵانی پێشوو ئـەم چالاكييە بريتی بێت لە «سيمينار، پێشكەشكردنی شانۆگەری، گـۆرانـی و هـەڵـپـەركـێ، پێشانگای شێوەكاری+ فۆتۆگرافی، كتێب...»

رۆژی پێنج شەممە 2011/8/25 بۆ هەمان مەبەست لە رێگای بەرێز(تەيب بـەرواری) باڵوێزی عێراق لە جۆرجيا سـەردانـی بـەرێـز نـيـكـۆلاس روروە Nikolos Rurua وەزيری كەلتووری جۆرجيا لە ديوانی وەزارەتی كەلتوور و پاراستنی شوێنەوار و پەيكەر كرا.

ئاشكرايە كە بەرێز نيكۆلاس روروە ساڵی 1968 لە بنەماڵەيەكی هونەرپەروەری شاری تبليسی وڵاتی جۆرجيا هاتۆتە دنياو خوێندنی بەرايی لەبواری هونەر و



تەلاری شانۆ لە جۆرجيا



تەیب بەرواری ، د. ئازاد حەمەشەریف ، حەمید بەدرخان 2011/8/23 تەبلیس - جۆرجیا



لەراستەوە: حەمید بەدرخان، د. ئازاد حەمەشەریف، نیکۆلاس رورەو، تەیب بەرواری 2011/8/25 تەبلیس - جۆرجیا

مۆسیقادا بووەو دکتۆراشی لەبواری یاساو پەیوەندی نێودەوڵەتی لە وڵاتی ئەمریکا وەرگرتووە، ئەو پیاوە تا بڵێی رووخۆش و رۆشنبیر و بەڕێز بوو، بەڕاستی وەزیری کەلتووری هەر لەخۆی دەوەشایەوە.

لەو دانیشتنەدا بە ئامادەبوونی بەڕێزان: تەیب بەرواری، حەمید بەدرخان، د. ئازاد حەمە شەریف، تیشک خرایە سەر پەیوەندییە کەلتوورییەکانی نێوان گەلی کورد و گەلی جۆرجیا، لە وەڵامدا وەزیری کەلتووری جۆرجی دڵخۆشی خۆی لەبەرامبەر هەموو ئەو چالاکییانەی کە دەزگای بەدرخان نواندوویەتی دەربڕی و ئامادەگی خۆشی نیشاندا کە ئەو چالاکییە بە هاوبەشی دەزگای بەدرخان و وەزارەتی کەلتووری جۆرجی لە 20-2012/3/21 لە تەبلیسی پایتەختی جۆرجیا بە ئەنجام بگات. هەڵوەستەشی لەسەر ناوونیشانەکە کرد «کەلتوور ئاییندەی گەلانە»و بەڵێنی ئەوەشیدا کە بۆ ئەو رۆژە هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ سەرخستنی ئەو چالاکییە کلتوورییە.

هەر هەمان رۆژ سەردانی ناوەندی رۆشنبیری فەرەنسی لە تەبلیسی کراو لەلایەن ئامادەبووانەوە پێشوازیی کران.

دوا سەردانی وەفدەکە بۆ»ماڵا ئێزیدیا»کە ناوەندی رۆشنبیری کوردانی ئێزیدی جۆرجیا بوو و لەلایەن نووسەر و رووناکبیر «دیمیتری پرباری» سەرۆکی رێکخراوەکە بەڕێز عەگید میرزایۆف پێشوازی کران.

پاش ئەوەی لەلایەن نووسەر و رووناکبیر «دیمیتری پرباری» ئەوەمان بەرگوێ کەوت، کە ئارامگەی «کامیل یوسف بەدرخان» لەنێو گۆڕستانی ئێزیدییەکان بێناز کەوتووە و هەروەها ئەو باڵەخانەیەی کە تێیدا ژیاوە هەر لەنێو تەبلیسیدا ماوە، بۆیە یەکسەر حەمید بەدرخان و د. ئازاد حەمە شەریف، سەردانی ئارامگەی کامیل یوسف بەدرخانمان کرد و لەپاشان سەردانی ئەو باڵەخانەیەمان کرد کە تا دوا ساتی تەمەنی کامیل یوسف بەدرخان 1936 ژیانی تێدا بەسەر بردووە.

کامل یوسف بەدرخان، دوای ئەوەی کە دژ بە لەشکری عوسمانلی و تورکیا چالاکی سیاسی نواندبوو و دوای شکستهێنانی هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی ئاوارەو پەڕاگەندەی شاری»تبلیسی»ببوو، بۆیەش تا مرد لەوێ ژیانی بەسەر بردبوو.

لەو گەشتەماندا زۆر سوپاسی باڵوێزی عێراق لە جۆرجیا بەڕێز»تەیب بەرواری»دەکەین کە کاتەکاتی خۆی بە ئێمە بەخشی بۆ سەرخستنی ئەو چالاکییەکەی کە بەنیازین ئەنجامی بدەین.

هەر لە رێگای گەڕانەوەیاندا بۆ کوردستان، لەشاری «جزیر»ی کوردستانی باکوور وەفدی بەدرخان سەردانی گڵکۆی شاعیری سۆفی و عاشقی کورد»مەلای جزیری»یان کرد و وەک رێز لێنان لەو شاعیرە گەورەیە ساتێک لەسەر گۆڕەکەی وەستان.

ناشکرێ هەوڵ و ماندووبوونی رەوا حەمە کەریم، کە خاوەنی پێشنیازی سازدانی ئەو چالاکییە کەلتوورییە بوو لە وڵاتی جۆرجیا لەبیر بکەین. شایەنی باسە، رەوا حەمە کەریم، پتر لە مانگێک خەریکی پەیوەندی کردن و کار ئاسانیکردن بوو لەگەڵ باڵوێزی جۆرجیا لە ئەسینا بۆ سەرخستنی ئەم پردە رووناکبیرییە.



لەسەر گڵکۆی شاعیری تەسەوف و عیشق مەلای جزیری



یۆرگی و ئانای هاوسەری




بەردەم هۆڵی سازکردنی کۆنسێرت لە تەبلیس



ئەو باڵەخانەی کەتا ساتی ماڵئاوایی کامیل یوسف بەدرخان 1936 لە تەبلیسی پایتەختی جۆرجیا ژیاوە
فۆتۆ: بەدرخان

# لە جۆرجیا دەزگای بەدرخان ماڵ و گۆڕی کامیل بەدرخان دەدۆزێتەوە

پاش ئەوەی لەلایەن نووسەر و رووناکبیر «دیمیتری پرباری» ئەوەمان بەرگوێ کەوت، کە ئارامگەی «کامیل یوسف بەدرخان» لەنێو گۆڕستانی ئێزیدییەکان بێناز کەوتووە و هەروەها ئەو باڵەخانەیەی کە تێیدا ژیاوە هەر لەنێو تەبلیسیدا ماوە، بۆیە یەکسەر حەمید بەدرخان و د. ئازاد حەمە شەریف، سەردانی ئارامگەی کامیل یوسف بەدرخانمان کرد و لەپاشان سەردانی ئەو باڵەخانەیەمان کرد کە تا دوا ساتی تەمەنی کامیل یوسف بەدرخان 1936 ژیانی تێدا بەسەر بردووە.

کامل یوسف بەدرخان، دوای ئەوەی کە دژ بە لەشکری عوسمانلی و تورکیا چالاکی سیاسی نواندبوو و دوای شکستهێنانی هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی ئاوارەو پەڕاگەندەی شاری»تبلیسی»ببوو، بۆیەش تا مرد لەوێ ژیانی بەسەر بردبوو.



ئێرە شوێنی گۆڕی کامیل یوسف بەدرخانە کەلەسەر داوای خۆی لەنێو گۆڕستانی کوردە ئێزیدیەکان لە تەبلیس نێژراوە



دەرگای ماڵی کامیل یوسف بەدرخان کە بە زمانی فارسی لەسەری نووسراوە



حەمید بەدرخان ، د.ئازاد حەمەشەریف، عەگید میرزایۆف 2011/8/25



حەمید بەدرخان ، د.ئازاد حەمەشەریف، دیمیتری پیرباری 2011/8/25